# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالَح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



http;//gov.krd/ka ISSN: 2520-4106 **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# چەمکی چێوە
# لە بونیادی مەعریفیی مرۆڤدا

**م. سالار فائق مەجید**
بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی
پەروەردەی بنەڕەت/زانکۆی گەرمیان
salar.faeq@garmian.edu.krd

**پ. د. سەباح ڕەشید قادر**
بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی زمان/
زانکۆی سەڵاحەدین
dr.sabahrashed@yahoo.com

**پ. د. بەکر عومەر عەلی**
بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی زمان/
زانکۆی سلێمانی
bakir.ali@univsul.edu.iq

**پوختە:**
ئـــەم توێژینەوەیـــە بـــە ناونیشـــانی "چەمکـــی چێـــوە لـــە بونیـــادی مەعریفیـــی مرۆڤـــدا"، هەوڵێکـــە بـــۆ دیاریکـــردنی ئـــەو قاڵبـــە هزرییـــەی کـــە تاکـــەکان دەیســـەپێنن بەســـەر ژینگـــەی زانیارییەکانـــدا بـــۆ پێـــدانی شـێوە و واتـا. لـە لایـەکی تـرەوە دەکـرێ بڵێیـن مەعریفـە ئـەو زەمینەیەیـە کـە زمـانی ئاخاوتنـی مرۆڤـی لـە سـەر بونیـاد نـراوە، هەروەهـا بایەخـی داوە بـەو ڕۆڵـەی کـە گەشـەکردنی زمـان لـە پرۆسـەی مەعریفـە و بووژانەوەیـدا گێڕاویەتـی لـە مـاوەی دە سـاڵی ڕابـردوودا.
ئەم توێژینەوەیە دابەش کراوە بۆ نۆ تەوەر یان بابەتی سەرەکی، جگە لە بابەتە لاوەکییەکان.
یەکـەم چەمکـی چێـوە لـە بونیـادی مەعریفیـی مرۆڤـدا، دووەمیـش دەربـارەی چوارچێـوەی مەعریفییـە، بەشـی سـێیەم بابەتێـکی ناوەندییـە، بنچینـەی مەعریفیـی مـرۆڤ دەخاتـە ڕوو و شـیی دەکاتـەوە. بـەشی چـوارەم پەیوەندیـی بـە بنچینـەی چوارچێوەوەیـە، بـەشی پێنجەمیـش چۆنێتیـی ناسـاندنی کۆمەڵێـک لـە چەنـد کۆمەڵانـی تـردا وەردەگرێـت. بـەشی شەشـەمیش مەرجـی تاکڕەویـی سـەپاندووە. جیاوازییـەکان لـە نێـوان چەمـک و واتـادا هەوڵەکەمانـە لـە بـەشی حەوتەمـدا. بـەشی هەشـتەم ڕێبـازی پێشـگری گرتووەتـە خـۆ، بـەشی نۆیـەم سـەبارەت بـە سـوودی نزیکبوونـەوە لـە ئەنجامـەکان و ڕاسـپاردەکان و کۆتایـی توێژینەوەکـەی تێـدا دەخرێنـە ڕوو.
کلیلەوشەکان: وێنە جۆرییەکان، سەرچاوە ڕاستەوخۆکان، چەمکە قەوارەییەکان، چێوە گریمانەکراوەکان

**پێشەکی**

**ناونیشان و سنووری بابەتەکە**

ناونیشانی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە "چەمکی چێوە لە بونیادی مەعریفیی مرۆڤدا"، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی چەمکی چێوە لە سنووری کۆزمانەوانیی کوردیدا لە چوارچێوەی کوردیی ناوەڕاستدا.

**کێشەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەی نواندنەکانی سیما و بەهاکان لە بونیادی چێوەکانی مەعریفەدا، لە نێوان دوو چەمکدا خراوەتە ڕوو و لە لایەن زمانەوانە مەعریفییەکانەوە گریمانە کراوە، ئەویش نواندنی لیستی سیماکان و چێوەی بەهاکانە و بونیادی هەندێ هێما و وێنە بۆ نواندنی مەعریفی لە زمانی کوردیدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی چەمکە مەعریفییەکان لە بونیادی کۆزمانەوانیی کوردیدا، بە تایبەتی چەمکە چەسپاوەکانی هۆشەکی و بونیادی کولتووری کوردی.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە**

ڕێبازی پەیڕەوکراو لە توێژینەوەکەدا لە نێوان شیکردنەوەیەکی وەسفی و پاساودانێکی لۆژیکی، دەبێ هەموو دیاردە کۆزمانەوانییە درکپێکراوەکانی تێدا شی بکرێتەوە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە "نۆ" سەرەبابەتی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێک دێت، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی "چەمکی چێوە لە بونیادی مەعریفیی مرۆڤدا"یە و نۆ سەرەبابەت لەخۆ دەگرێ: زاراوەی چێوە، بونیادی مەعریفەی مرۆڤ، پێکهاتەی چێوە لای بارسالۆ، ڕوونکردنەوەی کەرەستەیەک بە کەرەستەی تر، مەرجی تاکبەندییەکان، جیاوازیی نێوان چەمک و واتا، ڕێبازی پێشنیازگەرانە و لایەنە چاکەکانی ڕێبازی پێشنازکراوەکان. لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە بەدەست هاتوون، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنە ڕوو.

**١. چەمکی چێوە لە بونیادی مەعریفیی مرۆڤدا**

**١-١.** سەرەتا: خاڵی دەستپێک لەم توێژینەوەیەدا لەو گریمانەیەوە دەبێ کە دەڵێ هاوڕێکییەکی گشتیی هاوبەش هەیە لە نێوان نواندنی سیستمی مەعریفیی هەموو مرۆڤدا، ئەوەش لە ڕێگەی بەڵگەیەکی سایکۆلۆژیی کۆزانیارییەوە (cognitive psychology) دەخرێتە ڕوو. دەکرێ ئەوە وەکوو چێوەیەک لای "Barsalou" سەیر بکرێت، هەوڵەکە بۆ ئەوەیە دەرئەنجامی ئەو گریمانەیە لە زمانە سروشتییەکاندا ڕەنگ بداتەوە. بە واتایەکی تر: ئایا زمانەوانیی سروشتی دەتوانێ بەڵگەی پێویست بۆ بۆچوونەکەی "بارسالو" پێشکەش بکات؟ ئەو پێی وایە دەتوانێت چوارچێوەیەکی گشتی بۆ نواندنەکانی لە پەیپێبردنی ئادەمیزاددا (human cognition) دابڕێژێ. ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی ئاستەکانی ئاماژە زمانییەکان دەکات.

**١-٢. زاراوەی چێوە (The term of Frame)**

مەعریفە یان کۆزانیاری پێویستی بە چێوەیەک هەیە بۆ ئەوەی لایەنی مەعریفیی مرۆڤی تێدا هەڵبگیرێ، ئەوە لای زمانەوانە مەعریفییەکان بە "چێوە/چێوەڕێژی" (Frame) ناو دەبرێ، هەر بۆیەش وای پێناسە دەکەن کە وا: بریتییە لە ڕۆنانی مەعریفەیەکی ڕێکخراو کە لە "یادگەی بەردەوام" (Long term)دا دادەکرێ، واتە ڕۆنانی ئەو زانیارییانەی بۆ نواندنی هەڵوێستی "وێنە جۆرییەکان" (stereo typed situation). ئەو وێنە جۆرییە (stereo typed) لای کریستال وا پێناسە دەکرێ: زاراوەیەکە هەندێ لە ڕێزمانووسەکان بەکاری دێنن، وەکوو زنجیرەوشەیەک، بە ڕۆنانێکی سینتاکسیی بەرهەمهێن دەچێت، بەڵام لە ڕاستیدا وەکوو یەکەیەکی سەربەخۆ کار دەکات و بەرهەمیشی کەمە، واتە زۆر بەرهەمدار نییە، "پەند و دەقە وەرگیراوەکان" (quotation)، "قسەی نەستەق" (aphorisms) و ژمارەیەکی زۆری ئیدیەمەکان لەو جۆرە دادەنرێن، واتە بە جۆرێک لە وێنەی جۆری ڕێزمانی هەژمار دەکرێن لە بواری سیمانتیکدا، بە تایبەتی لە سەرچاوە ڕاستەوخۆکاندا (direct reference). ئەو زاراوەیە بۆ هەندێ تایبەتمەندی بەکار دێت کە ڕێگە بە هەندێ بیروباوەڕی درشت لە لایەن بەشێک لە ئاخێوەرانی زمانێک دەدات، کە ئەندامە

ڕاستەقینەکانی ئەو بەشە لە قسەکردندا لەگەڵ وێنە جۆرییەکە پێویستە بۆ توانستی سیمانتیکی لە زماندا (بە واتای ئەوەی ئەو وێنە سیمانتیکییە دەبێ لای هەموو ئاخێوەران هەمان وێنە بۆ هەر زاراوەیەکی بەکارهاتوو بدات بەدەستەوە)٣. لە کۆزمانەوانیدا زاراوەی "stereo typed" ئاماژە بە گۆڕاوێکی زمانی دەدات کە دەبێ دانپێنراو بێ لە لای بەشێکی زۆری کۆمەڵەی قسەپێکەرانی زمانەکە، لەوانەیە ڕەنگدانەوەی گوتارەکانی ئەو کۆمەڵەیە بن، لەوانەشە ڕەنگدانەوەی ئەوان نەبێ، لەو بارەیە "ویلیەم لابوف" ئەو زاراوەیە (وێنەی جۆری لە ئاماژە و نیشانە زمانییەکان) جیا دەکاتەوە (بڕوانە: Crystal 2003: 433) بە گەڕانەوە بۆ زاراوەی چێوە، لە بواری دەروونزانی "E-char nick" بەکار هاتووە، لە بواری بەپڕۆگرامکردندا لە لایەن "P. Hayes" و لە بواری زانستی کۆمەڵایەتی و زیرەکیی دەستکرد لە لایەن "M. Minsky" بەکار هاتووە. بەڵام زاراوەکە لە ڕێگەی "Fillmore"ەوە هاتووەتە بواری کۆزمانەوانیی مەعریفییەوە، لە بنچینەدا شیکردنەوەکەی "فیلمۆر" بۆ فراوانکردنی ڕێبازی ڕێزمانیی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بوو، بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی سینتاکس و سیمانتیک بە تایبەتی کردارەکان بوو (سەرەتا)، دواتر وەکوو ڕێبازێکی وەسفکردن بۆ ڕۆنانی مەعریفە بەکار هات. هاریکارییەکی تری فیلمۆر لە شیکردنەوەکەیدا ئەوە بوو کە لە پۆلکردنی هەڵوێستەکانی ژیانی واقیعیی مرۆڤ بووە نەک تەنیا لە ژێر باری سەرنجی واتاسازیدا، بەڵکوو بواری پراگماتیکیشی گرتەوە لەوەی شیکردنەوەی جۆرەکانی کارلێکردنی نێوان نێرەر و وەرگر لە گۆڕینەوەی پەیامەکاندا (بڕوانە: Fillmore 1982: 115 و Lakoff 1987: 137)

**١-٣. بونیادی مەعریفەی مرۆڤ (Human cognitive structure)**

**١-٣-١. گریمانەکردنی مەعریفەی مرۆڤ**

وەکوو ئاماژەمان پێ دا کە وا سیستمی مەعریفیی مرۆڤ وەکوو نواندنێکی گشتی هاوڕێک کار دەکات، بێگومان ئەوە گریمانەیەکی، بەڵام گریمانەیەکی چاونەترسانەی سەرنجڕاکێشە، چونکە ئاسۆیەکی نوێ بۆ نواندنە مەعریفییەکان دەکاتەوە. بە هۆی جۆراوجۆریی ڕوونی نواندنەکان، ئەوە دەبێتە خاڵێکی دەستپێکی گرنگ و بەجێ، گریمانەش ئەو کاتە سەرنجڕاکێش دەبێ ئەگەر هاتوو هاوکات و هاوڕێی نموونەیەکی هەستپێکراو بێت، بۆیە دەبێ نواندنەکان بە لایەنی کەم دوو لایەن وەک نیشانە لەخۆ بگرن:

١. دەبێ بە شێوەیەکی پڕاوپڕ گوزارشت لە هەموو جۆرە نواندنێک بکات و سیستمی مەعریفیی مرۆڤ بتوانێ بەکاری بێنێ.

٢. دەبێ نموونەی گریمانەکە ورد و تەواو بێت و بە جۆرێک کۆتبەند بکرێت کە بتوانرێ تاقی بکرێتەوە.

بێگومان ئەو گریمانەیەش شوێنەواری بنجیی بەسەر دەروونزانیی مەعریفی و دەمارناسی، فەلسەفەی ئاوەزی و زمانەوانی و فەلسەفەی زانست و زانیارییەکان دەبێ (بڕوانە: Barsalou and Hale1993:62).

دەبێ ئەوەش بوترێ کە وا بەر لە سەدەی بیستەم تیۆرە مەعریفییەکان لایەنی درکپێکردنی دەستەبەر دەکرد، سروشتی لێکدانەوەکانی وای دەخواست، بەڵام ئەو گەشەکردنەی بواری ئامار و لۆژیک و زمانی پڕۆگرامەکان هەندێ چەمکی تازەی دەستەبەر کرد جیاواز لە چەمکە بنجییەکان، لە پاڵ ئەوەی کە وا شێوازەکانی درکپێکردن بە شێوەیەکی فراوان وا سەیر دەکرا کە ناتوانرێ بەرگریی لێ بکرێ، چونکە دەبێ گریمانەی ئەوەی بۆ بکرێ کە بکەوێتە ژێر سیستمی تۆمارکردن، نەک بخرێتە ژێر سیستمی چەمکەکان، بۆیە هەوڵ بۆ ئەوە درا کە وا تیۆری مەعریفیی درکپێکردن گەشەی پێ بدرێ لە چوارچێوەی سیاقێکی مەعریفیی درکپێکردنی تازە و زانستی دەماری کاتێک کە تاقیکردنەوەیەکی درکپێکردن ئەنجام دەدرێ. زانستی دەماری وای دەبینێ کە وا هەندێ ناوچەی پەیوەندیدار لە مێشکدا هەندێ لە جۆری چالاککردنی بەدەست دێنێ لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە ناوچە هەستییە جووڵەکانەوە، دواتر لە سەرەوە بۆ خوارەوە. لێرەدا ناوچە پەیوەندیدارەکان بەشێک لە ناوچە هەستەوەرەکانی جووڵەییەکان چالاک دەکاتەوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی هێما درکپێکراوەکان (perceptual symbols). لێرەدا دەست دەکات بە کۆگاکردنی گێڕانەوەی هێما درکپێکراوەکان لە سەر ئاستی پێکهێنەرە

درکپێکراوەکان، نەک لە سەر ئاستی ئەزموونە درکپێکراوە گشتییەکاندا. لە میانەی بەکارهێنانی سەرنجدانێکی لەخۆوە و سەرپشکییەوە، نواندنە هێڵکارییەکانی پێکهێنەرە درکپێکراوەکانی ئەزموونەکان و کۆگاکردنیان لە یادگەکەدا (بۆ نموونە یادگارییە تاکەکەسییەکان وەکوو ڕەنگێکی سەوز، خوڕەی ئاوێک، گەرمی)، گەنجینەکردنیان وەکوو پێکهاتێکی هەمان شێوە، ئەوانەی لە چوارچێوەی چێوەڕێژ (قاڵب)ێکی گشتی هەڵدەگیرێن، بەڵام ئەوانە تەنیا پشت بە لایەنی ئەزموونی هەستەوەری نابەستن، بەڵکوو ئەوە گەشە دەکات بۆ هەستێکی قووڵتر و لە قاڵبێکی ڕێکخراودا جێگیر دەکرێ (بۆ نموونە بەرزبوونەوە، ڕاکردن)، هەروەها هەڵهێنجان وەکوو: (بەراوردکردن، بیرکردنەوە، بەختەوەری، و برسێتی)، هەر لەگەڵ بونیادنانیدا ئەو میکانیزمانە سیفەتێکی چەمکی جێبەجێ دەکات، بە هەموو وزەیەکەوە کار دەکات بۆ سیستمێکی چەمکیی بنەڕەتی، هەموو جۆرەکان دەنوێنێ و پۆلکردنێک بونیاد دەنێ، بۆ ئەوەی هەندێ دەرئەنجامی یەکلاییکەرەوە بەدەست بێنێ، ئەو لاساییکردنەوە بەرهەمهاتووە و پێشنیازەکان و چەمکە نابەرجەستەکان بەرهەم دێنن، ئەو لاساییکردنەوەیە (simulator) دەکرێ وەکوو کۆپیکردن سەیر بکرێت، بە واتایەکی تر: بریتییە لە کردەیەکی لاساییکردنەوەی ئامرازێکی ڕاستی، یان کردەیەکی فیزیکیی زیندوو. لێرەدا لاساییکردنەوەکە هەوڵ دەدات کە وا هەموو ئەو سیفات و ڕەفتارانە بنوێنێ کە لە سیستمێکی نابەرجەستەدا هاتووەتە کایە، یان لە سیستمی بەرجەستەش هاتبێ، بە هۆی سیستمێکی تر کە لاسایی سیستمی یەکەم دەکاتەوە، دەکرێ ئەو چەمکە وا کورت بکەینەوە هەوڵێک بێ بۆ گێڕانەوەی کردەیەک لە دەوروبەرێکی سروشتیدا بە بارودۆخێکی دەستکرد یان دروستکراو دروست بوویێت. لە کۆتاییدا سیستمێکی چەمکی دێنێتە کایە بە هەموو توانایەکەوە، بەرهەمێکی دەبێ کە لە ئەنجامی چەند ئامرازێکی لاساییکردنەوە و بە شێوەیەکی دووبارەبووەوە بۆ ئەوەی هەندێ کردەی لاساییکردنەوەی ئاڵۆزتر بەرهەم بهێنێ (بڕوانە: Löbner 2012: 33). ئەو پێشنیازانەی لە لاساییکردنەوەکەدا وەکوو بە خورتی لای ئەو کەسانەی درک بە نواندنەکانی دەکەن لەوەی پەیوەندیی نێوان هێمای جۆرەکان دەزانن. چەمکە نابەرجەستەکان پشت بە کردە نابەرجەستەکان دەبەستن لە ڕووی ئاڵۆزیی ڕووداوە فیزیکی و هەڵهێنجاوە هاوبەشەکان، دەکرێ تیۆری درکپێکردنی مەعریفی سیستمێکی چەمکی بە هەموو توانایەکیەوە بە خۆبەدوورگرتن لەو کێشانەی پەیوەستن بە سیستمی هێماکانەوە. بێگومان پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان چەمک و واتادا هەیە، بەڵام جۆری ئەو پەیوەندییە ڕوون نییە، با ئێمە وا دابنێین کە وا چەمکەکان بریتین لە نواندنی یەکە زمانییەکان یان کەرەستەکان، بۆ نموونە: (سێو، کورسی)، کەچی لەو کاتەدا واتا بریتی دەبێت لە تێگەیشتنی خەڵکی بۆ وشەکان و هەموو دەربڕاوە زمانییەکان، بەڵام بۆچوونێک هەیە لەوەی وشە وابەستەی ماناکانی نییە، بەڵکوو وشە بریتییە لەو کاریگەرییەی بەسەر گوێگرەوە جێی دەهێڵێ.

**١-٣-٢. چێوە گریمانەکراوەکان (Hypotheses Frames)**

سەرەتا بارسالو چێوەی پێشنیاز کرد بۆ ئەوەی گریمانەکان تێکەڵ بکات، بۆ ئەو مەبەستە بە ناوی گریمانەی چێوەکان (Frame hypotheses) هێمای "H1 و H2"ی بۆ دانان، ئێمە دەتوانین "گ١ و گ٢"ی بۆ دابنێین. لێرەدا ئەگەر گریمانەی چێوەکان ڕاست بوو، ئەوا بە شێوەیەکی تایبەتی بەسەر نواندنە زمانییە مەعریفییەکاندا جێبەجێ دەکرێ، وەکوو دەروازە فەرهەنگییەکان کە واتا فەرهەنگییەکانیش لەخۆ دەگرێ. دەکرێ بەو شێوەیەی خوارەوە هاوکێشە بکرێ:

Lexical entries ⟷ Lexical meaning

دەروازە فەرهەنگییەکان ⟷ واتا فەرهەنگییەکان

هەندێک جار بە جۆرێکی تر هاوکێشە دەکرێن

ڕۆنانی ڕێزمانی ⟷ واتا دەربڕاوە ئاڵۆزەکان

Grammatical structure ⟷ meaning of complex expression

لە بەر ئەوەیە لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی زمان دەکرێ وەکوو بەڵگەیەک بۆ تاقیکردنەوەی چێوەی گریمانەکە لە ڕووی ڕاست و دروستییەوە دەستەبەر بکرێ (بڕوانە:

Janssen 1997: 420). ئێمــە دەکــرێ ســەرەتا تاوتوێکــردن و تاقیکردنەوەکانمــان زیاتــر لــە ئاســتی نواندنــە سینتاکســی و ســیمانتیکییەکانەوە قەتیــس بکەیــن، بــەڵام گریمانەکــە لــەو چوارچێوەیــەدا دەمێنێتــەوە ئایــا نواندنــە مەعریفییــەکان دەپەڕنــەوە ئاســتەکانی تــر، یــان هــەر لــەو چوارچێوەیــەدا دەمێننــەوە، یــان نواندنــە نازمانییەکانیــش دەگرێتــەوە یــان نــا؟

**١-٣-٣- أ.** زمانی مرۆڤ بریتییە لە سیستمێکی ڕەفتاری (behavioral system)

بــۆ ئامــاژە لاســاییکەرەوەکان (conventionalized gesture)، ئەوانــەی کۆمــەڵ لــە ســەری ڕێــک کەوتــوون، ئــەو ســیمایانەی خــوارەوەی دەبــێ:

ا. سیستمێکی سروشتگەرایی فەرهەنگی هەیە.

ب. بــە پێــی بنەماکانــی ڕێزمانیــی زمانەکــە کار دەکات، قســەپێکەرانی دەتوانــن بــە پەیڕەوکردنــی ئــەو بنەمایانــە هێڵێکــی ئاڵــۆز دروســت بکــەن کــە "ئامــاژەکان لــە نیشــانە فەرهەنگییەکانــەوە بەدەســت بێنــێ".

ج. بــە یەکێــک لــە ڕێگەکانــی وەرگرتــن زمانەکــە دەتوانــێ ڕۆنانەکــە بناســێتەوە.

**١-٣-٣- ب.** ئامــاژە زمانییــە ڕێکەوتەییــەکان، فەرهەنگــی ئامــاژە ئاڵــۆزەکان واتــای خۆیــان هەیــە.

ا. واتــای ئامــاژە فەرهەنگییــەکان لــە سیســتمە مەعریفییەکانــدا ئەمبــار دەکــرێ.

ب. واتــای ئامــاژە ئاڵــۆزەکان لــە سیســتمی مەعریفیــدا هەژمــار دەکرێ.

ج. واتــای ئامــاژە زمانییــە ئاڵــۆزەکان لــە ڕۆنانــی ئیمائــە ئاڵۆزەکانــەوە لێــک دەدرێتــەوە.

لــە ئامــاژە ئاڵــۆزەکان و فەرهەنگییەکانــەوە بەدەســت بــێ، خاڵــی "ج" بەشــێکە لــە بنەمــای گشــتیی شــێوەی دروســتبوون (هەمــان ســەرچاوە، ٤٢٢). بــە بەســتنەوەی گریمانــەی چێوەکــە و ئــەو گریمانانــەی پەیوەســتن بــە زمانــی مرۆڤــەوە، دەگەینــە ئــەو ئەنجامانــەی خــوارەوە:

نواندنــی توخمــە زمانییــەکان (ئەوانــەی خــوارەوە) لــە زەینــی مرۆڤــدا بــەو چێوەڕێژانــەی خــوارەوە دەبــێ:

ا. ئاماژە زمانییە فەرهەنگییەکان

ب. واتای ئاماژە زمانییە فەرهەنگییەکان

ج. ئاماژە زمانییە ئاڵۆزەکان

د. واتای ئاماژە زمانییە ئاڵۆزەکان

بــە وردبوونــەوە لــە "ا ، ب"، لــە ڕاســتییەکی سادەوە بەدەســت هاتــوون، لــەوەی کــە ئامــاژە زمانییــە فەرهەنگییــەکان و واتاکانیــان بــە بەردەوامــی لــە سیســتمی مەعریفیــی مرۆڤــدا ئەمبــار دەکــرێ و دەنوێــنرێ، ئامــاژە ئاڵــۆزەکان و واتاکانیــان ئاســاییە بــە بەردەوامــی ئەمبــار ناکــرێ، بــەڵام نواندنــە زەینییــەکان گشــتین و لــە لایــەن سیســتمی مەعریفیــی مرۆڤــەوە لێکدانــەوەی بــۆ دەکــرێ، لــە بــەر ئــەوە دەبــێ شــێوە گشــتییەکەی نواندنــەکان ئاشــکرا بکرێــت (بڕوانــە: Löbner 2011: 291). بــە پێــی ئــەو لێکدانەوانــەی ســەرەوە، ئــەوەی لــێ دەکەوێتــەوە کــە دەبــێ هەنــدێ جــار بــە ناچــاری لــە ڕۆنانــی دەنگســازی و فۆنۆلۆژیــی زمانەکــە بکۆڵینــەوە.

**١-٤. پێکهاتەی چێوە لای بارسالۆ (Barsalou Frames)**

**١-٤-١. ڕۆنانی چێوەکان (Frames Structure)**

لای بارســالۆ (١٩٩٢ a و ١٩٩٢ b) چێــوەکان بریتیــن لــە ڕۆنانــە دووبارەبووەکانــی بەهــای ســیماکان (recursive attribute value structure)، لــە پــاڵ کۆتبەنــدە زیادکراوەکانــدا. چێــوە لای بارســالۆ وەکــوو ســەرچاوەیەک دادەنــرێ لــە ڕووی ســیماکانیەوە، لــە ڕووی بەهاکانــەوە و ســیمای ئــەو بەهایانــە، بەهــا تایبەتــەکان... هتــد. کۆکردنــەوەی بەردەوامــی ســیماکان و بەهــاکان، بەهــاکان پێــک دێنــن و زانیــاری لــە بــارەی ســەرچاوەکەوە بەدەســت دێــن. چێوەکانــی لای بارســالۆ لــە بنچینــەدا بریتیــن لــە وەســفی زانیارییــەکان (بڕوانــە: petersen 2007: 155). گــەر ئێمــە لێکدانەوەیــەک بــۆ ئــەو زانیارییانــەی ســەرەوە بکەیــن، دەبــێ لــە دوو خاڵــی ســەرەکیدا شــیکردنەوەی بــۆ بکەیــن:

١. دەبێ سیماکان پڕاوپڕ ئەرکی بن.


٢. ئــەو ڕێبــازەی بارســالۆ پەیــڕەوی دەکات فــراوان دەبــێ، جــۆری چەمکەکانــی تریــش دەگرێتــەوە. گریمانــەی یەکــەم لەگــەڵ هەمــوو نموونەکانــی بارســالۆ و نیازەکانــی دەگونجــێ. فراوانکــردن بــۆ چەمکــە جیــاوازەکان شــتێکی بەخورتییــە، گــەر یەکێــک بیــەوێ ئــەو نموونــەی بارســالۆ (مۆدەلــی چێــوەکان) بەســەر واتــا فەرهەنگییــەکان لــە جــۆرە لۆژیکییــە جیاوازەکانــی جێبەجــێ بــکات لــە هــەر دەربڕینێکــدا، بــۆ نموونــە بەســەر

"ناوی تایبەت"دا (proper name)، ناوە ئەرکییەکان یان کردارەکان لە ژمارەیەکی جیاوازی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا گریمانەی سیما ئەرکییەکان دەبێتە چەقێکی گرنگی لێکدانەوەکان، گشتاندنی ڕێبازی چێوەکان بەسەر جۆرە جیاوازەکانی چەمکەکاندا، هەندێ بابەتن لەوە دوورتر دەڕۆن کە تەنیا ناوی ئەرکی بن، بەڵکوو ڕۆڵێکی گرنگ لەو مۆدێلەدا دەگێڕن. لای بارسالۆ زاراوەی "سیما" (Attribute) بەکار دێنێ، دواتر سیماکان بەرامبەر بە ئەرک (function) دادەنێ.

**١-٤-٢. لێکدانەوەی سیماکان**

سیماکان بۆ هەر خاوەندارێک (possessor) (مەبەست لە زاراوەی خاوەندار (Löbner) وای لێک دەداتەوە ئەرگۆمێنتی هەر سیمایەک ئاماژەیە بۆ خاوەنەکەی، واتە بۆ سیمای کەرەستەکە) جۆرێکی گونجاو بۆ بەهایەکی تاک (تاک بەهایەک) بۆ شتێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێ، بۆ نموونە سیمای ڕەنگ دەتوانێ بەهای ڕەنگەکان کە ئەگەریان هەیە لای بوونەوەرەکان دەستنیشانی بکات، بوونەوەرە ماددییەکان (کە خاوەن تاکە ڕەنگن)، لەوانەیە سیماکان دیاریکراو بن (زۆر یان کەم)، ئەوەش وابەستەی هەندێ کۆتبەند دەبن، بۆ نموونە هیچ کاتێک ڕەنگی سەوز نادرێتە پاڵ مرۆڤێک، یان هەندێ لە ئاژەڵەکان. ئەو چێوەیەی بارسالۆ دەستنیشانی دەکات دەکرێ بە چەند ڕێگەیەک بنوێنرێ، یەکێک لەو ڕێگایانەی بەکار دێت ڕێگەی دووبارەبوونەوەیە، ئەو ڕێگەیەی کە لە لایەن ڕێبازی "HPSG" کە کورتکراوەی "ڕێزمانی ڕۆنانی فرەیز (Head Driven phrase structure Grammar)ە کە لە لایەن سەرەوە بەرێوە دەچێ، هەروەها لە لایەن فۆرمالیستەکانەوە بەکار دەهێنرا. بارسالۆ زیاتر وێنە ڕوونکراوەکان (الرسوم البیانیة) دەستەبەر دەکات (direct graphs)، گرێکان (nodes)، بابەتەکان یان ڕۆنانەکان و بەهای سیماکان دەنوێنێ. کەواتە ناولێنراوەکان (Labeled arcs) سیماکان دەنوێنن. هەندێ گرێی چەقی جیاواز هەیە کە سەرچاوەی چێوەکە دەگەیەنن، گرێیە چەقییەکە سەرچاوەیەکە لە ناو وێنە ڕوونکراوەکەدا، لە ڕێگەی ئەوەوە بە هەموو گرێکانی تر دەگەین، لە میانەی کەوانەیەکەوە یان زنجیرەیەک کەوانە،

گرێ چەقییەکان خۆیان هیچ گرێیەکی سەربەخۆیان (شوێنکەوتوویان) نییە. بە واتای ئەوەی ئەو گرێ سەرەکییانە نابنە بەهای سیماکان. چێوەیەکی سادەی نابەرجەستە لە وێنەی (١) خراوەتە ڕوو، گرێیەکی سەروو (بەرز) (topmost) بە دوو هێڵی (جووت هێڵ)، ئەوە گرێی چەقە (central node) بە دوو سیماوە کە سەر بەون. (سیمای ١) "ATTR 1" و (سیمای ٢) "ATTR 2" کە (بەهای ١) "V1" و (بەهای ٢) "V2" بەدوای یەکەوە دەستنیشان دەکەن و بە سەرچاوەکەوە دەبەستنەوە کە لە لایەن گرێی سەرەکییەوە دەنوێنرێن، "بەهای ٢ - V2"ی سیمای دوو، دوو سیمای تر لەخۆ دەگرێ کە "ATTR 3 و ATTR 4"ن کە بەهای "٣ و ٤" ( V3 و V4) لەخۆ دەگرن. دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە وا "ڕەسمە بەیانییەکان" هیچ کۆتبەندێک لەخۆ ناگرن، لە وێنە ڕوونکراوەکەدا نانوێنرێن. بارسالۆ خۆی ڕەسمی بەیانی جیاواز بەکار دێنێ بۆ نواندنی چێوەکان، سیماکان بە هۆی گریمانەوە دەنوێنرێن، وێنە ڕوونکراوەکان (الرسوم البیانیة)، چونکە کەم ئاڵۆز و گونجاوترە بە پێی ڕۆنانی چەمکەکانی چێوەکە. سەیری ئەو وێنەیەی خوارەوە بکە:




هێڵکاری ژمارە (١٧) وێنەی ڕوونکراوەی بارسالۆ بۆ چێوەکان

بەهاکان وابەستەی جۆری سیماکانن، بە واتای ئەوەی جۆری سیماکە نرخی بەهاکە دەستنیشان دەکات، لێرەدا گرێی سەرەکی (چەقە گرێیەکە) خۆی خاوەن سیما و بەهای تایبەت بە خۆی نەبێ، بەڵکوو ناونیشان و

ڕێگەیەکە بۆ دیاریکردنی سیما و بەهاکانی تر، بۆ نموونە دەکرێ ''ڕەنگ'' بکرێ بە چەقە گرێ، تیایدا ڕەنگ بێلایەن دەوەستێ، دەتوانێ ببێتە جەمسەری کۆکردنەوەی بەها و سیماکانی خوارەوە. دەکرێ گرێکانی خوارەوە بە هەڵگری لقەسیما (sub-ATTR) ناو ببرێن (بڕوانە: petersen 2007: 151).


**١-٥. ڕوونکردنەوەی کەرەستەیەک بە کەرەستەی تر**

هەندێ جار بۆ ڕوونکردنەوەی ناوێک پێویستمان بە بەهایەکی ناوەرۆکی هەیە بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە، بە واتای ئەرگومێنتێکی تر هەیە بۆ ڕوونکردنەوەیان (implicit argument)، بۆ نموونە ناوێکی وەکوو ''بڕ یان بەها/نرخ''، لە شوێنی خۆیانەوە وەکوو ئەوەی هەن تەواو و پڕاوپڕ نییە، پێویستمان بە ئەرگومێنتی تر هەیە بۆ تەواو ڕوونکردنەوەیان، ئەوانە لە زمانەوانیدا بە ناوە پەیوەندیدارەکان/پەیوەندیی ناو (Relational nouns) ناو دەبرێن (بڕوانە: Minsky 1985: 29)، لە بەرامبەردا ناوی وەکوو (ڕووەک - plant) یان (دۆشەک - sofa) وەکوو (بنجی - sortal) بە ناوێکی پڕاوپڕ و تەواو سەیر دەکرێت و پێویستی بەوە نییە بە پەیوەندی بە ناوەکانی ترەوە واتاکەی تەواو بکرێت (بڕوانە: Barker 1995: 33). ''McClelland and Rummelhart 1986'' پێیان وایە کە وا هەر سیمایەک هاوپەیوەندییەکی هەیە بە سیماکانی ترەوە، وابەستەی هەموو سیماکانی ترە کە لە هەمان لیست بوونیان هەیە، بە واتای ئەوەی سیماکان هیچیان سەربەخۆ نین، ئەو پەیوەندییانەش هەندێکیان سەرنجڕاکێش و هەندێکی تریان لاوازن. لە میانەی بەکەرەستەکردنی سیماکاندا، لە کاتی تێکردنی سیماکاندا، هەندێ لە سیماکانی تر چالاک دەکات و ئەوانی تر وەلاوە دەنێ، بە واتایەکی تر: هەموو ئەو سیمایانەی پەیوەندیدارن بەو کەرەستەوە دەیوروژێنێ و سیما ناپەیوەندیدارەکانی تر پشتگوێ دەخات، کەچی لە مۆدەلی دێریندا نواندن بۆ هەموو کەرەستەکان دەکات بە تەواوی سیماکانیانەوە، بە میکانیزمێکی وا کە سیمای جیاواز لە سیاقێکی جیاوازدا کۆ دەکاتەوە. ئەو لیستەی خوارەوە سیماکانی هەندێ کەرەستە دەخاتە ڕوو:

| <u>باڵندە</u> | <u>سێو</u> | <u>گۆرەوی</u> |
|---|---|---|
| ئەوانەی هەیە: | ''تۆو''ی هەیە. | لەپێ دەکرێ. |
| پەڕ | قەدی هەیە. | لە سەرما دەتپارێزێت. |
| باڵ | ناوکی هەیە. | پاژنەی هەیە. |
| قاچ | توێکڵی هەیە. | لە ''پەموو و ئاوریشم'' دروست دەکرێت. |
| چاو | دەخورێ. | ڕەنگی جیاوازی هەیە. |
| کلک | شیرینە. | شوێنپەنجەی هەیە. |
| سەر | خڕە. | جووتێکن. |
| دەنووک | دۆشاوی هەیە. | |
| هێلانە | بە دارەوە گەشە دەکات. | |
| دەفڕێ. | | |
| هێلکە دەنێتەوە. | | |
| چریکەی هەیە و دەخوێنێ. | | |

(بڕوانە: Rummelhart and McClelland 1986: 163)


دەبێ ئاماژە بەوە بکەین هەندێ لە زانا مەعریفییەکان (سیما - attribute) بەکار دێنن کە گونجاوە لەگەڵ چەمک و بۆچوونەکانی تر، لە بەرامبەردا بەکارهێنانی (مەودا - dimension) و (گۆڕاو - variable) و (چاڵە بنجییەکان - slot) لە ڕووی چەمک و ئەرکەوە بەرامبەر دەوەستن، لیستی ئەو نموونانەی بۆ (باڵندە، سێو و گۆرەوی) خرایە ڕوو کە لە لایەن هەندێ سایکۆلۆجستییەکانی کۆمەڵەی دەرونزانانی ئەمەریکی بە وێنەی (Mervis, Gray, Johson,..1975) خرایە ڕوو. پێشتر هەندێ باری سەرنجڕاکێش دەخەنە ڕوو لەوەی کە دەروونزانەکان هیچ پلەوپایەیەک بە (چێوەکان - Framed) ناخەنە ڕوو، توێژەرەکانیش هیچ وەسفێکی نموونەیی نادەن بەدەستەوە لە بارەی ئەو بابەتەی لە نموونەکان دەخرێنە ڕوو ئایا وەکوو (جووتە سیما و بەها - Features and Value) بیخەنە ڕوو یان وەکوو لیستی سیماکان بە تەنیا دەریبخەن. لەو هێڵکارییانەی خوارەوە ئێمە نموونەکان بە زمانی ئینگلیزی دەخەینە ڕوو، چونکە هەندێ هێما هەیە دەبێ







دواتـر لـە زمانـی کـوردی بەرامبەریـان بـۆ بدۆزینـەوە.

ا. نموونەیەکـی (بنجـی - prototype) بـۆ نواندنـی دوو کەرەستەی "B و A" بە پێی لیستی سیماکان.





هێڵکاریی ژمارە (١٨) بەنموونەکردنی سیماکان
نموونەیەکی نواندن بۆ (A)





هێڵکاریی ژمارە (١٩) بەنموونەکردنی سیماکان
نموونەیەکی نواندن بۆ (B)

هێڵکاریی ژمارە (٢٠) نواندنی کەرەستەکان بەپێی نموونەیەکی بنجی (prototype)





هێڵکاریی ژمارە (٢١) نواندنی کەرەستەکان بەپێی نموونەیەکی بنجی (prototype)

نواندنی کەرەستەکان بەپێی نموونەیەکی بنجی (prototype) بۆ (A و B) بەچێوەکانیانەوە




هێڵکاریی ژمارە (٢٢) نواندنی کەرەستە بەنموونە کراوەکانی (A و B) بەچێوەکانیانەوە




هێڵکاریی ژمارە (٢٣) نواندنی کەرەستەکان بەپێی نموونەیەکی بنجی (prototype) بۆ (A و B) بەچێوەکانیانەوە

لای چەپی وێنەکە نواندنی وێنەیەکی (prototype) چێوەکان دەنوێنێت واتە ناو سندوقە خاڵدارەکە، لای راستی وێنەکە (دەرەوەی سندوقەکە) نموونەی لیستی سیماکان نیشاندەدات، بەوەش چێوەکە بە سندوقەکە داخراوە، لێرەدا چێوە دەرکەوتووەکە (لەناو سندوقە

خاڵدارەکە داخراوە) بەشی لای ڕاست و دەرەوەی جیاوازی نواندنەکە نیشاندەدات، چونکە سیماکان (Attributes) کە لەڕێگەی کەرەستە دەستکردەکان (دروستکراوەکان)ەوە جێگیر دەکرێن، و زانینی سیماکان زۆر بەسود نییە، چونکە جیاکردنەوەی سیماکان لە بەهاکان زۆر ڕوون و ئاشکرا نین لەڕووی تیۆرییەوە، وەکو ئەنجامێ بۆ لێکدانەوەکانی نواندنەکان لە نموونە بنجییەکان و نموونە کردنەکانەوە لەبنچینەدا کەمدەکرێنەوە بۆ لیستی سیماکان.

**١-٦. مەرجی تاکبەندییەکان (Uniqueness Conditions)**

ئەوەی پێویستە کە لە شێوەی چێوەکان نواندنی هەبێ، بریتییە لە سێ کۆمەڵەی مەرج یان کۆتبەند.

**١-٦-١. سەرچاوەی چێوە تاکبەند (Unique frame reference)**

مەبەست لە چەقەگرێیە (گرێی سەرەکی)، “Löbner” بە “UR” کورتی دەکاتەوە. هەموو سیماکان و سیما لاوەکییەکان بە یەک سەرچاوەوە وابەستە دەبن، ئەوەش بە شێوەیەکی بەردەوام و دووبارەبوونەوە. سەبارەت بە ڕەسمە بەیانییەکان، تەنیا یەک گرێی هەیە، گرێی سەرەکی، کە لەو ڕێگەیەوە دەگەیەت بە هەموو گرێکانی تر، لە ڕێگەی زنجیرەیەک کەوانەی یەک سیمایی یان زیاتر.

**١-٦-٢. بەهای تاکبەندەکان (Unique Value - U V)**

سیماکان بریتین لە پارە ئەرک، هەر سیمایەک بۆ خاوەندارێک دەستنیشان دەکرێ، ئەو خاوەندارە توخمەی ئەگەری بوونی هەیە، تەنیا یەک بەها وەربگرێ.

**١-٦-٣. سیمای تاکبەندی (Unique attribute - U A)**

هەر سیمایەک بەسەر دراوێک جێبەجێ دەکرێ لە ڕۆنانی چێوەکەدا، تەنیا یەک جار جێبەجێ دەکرێ، ئەو سیفەتانەی دەدرێ بە خاوەندارەکە جیاوازن لە یەکتری (بڕوانە: Löbner 2011: 5). مەرجی تاکبەندییەکان (U R) ئەوە دەخوازێ کە چێوە مەعریفییەکان ڕۆنانێکی پتەوی یەکگرتوو بێ بە ڕێگەی دیاریکراو، لە ڕێگەی ئاماژەکانی وێنە ڕوونکراوەکانەوە لە نواندنی چێوەکاندا. “U R” ئەوە بەدوور دەزانێ کە هیچ لقەنواندنێکی وێنەکان هەبێ بەیەکەوە نەبەسترابنەوە، لە بریی ئەوەدا گرێی وێنە ڕوونکراوەکان گرێیەکی وەکوو سەرچاوە وەردەگرێ. گرێ سەرەکییەکە لە “UR”دا بە چێوەی تایبەتەکە ((sortal frame)[1] کۆتبەند دەکرێ. بۆ هەموو جۆرەکانی چێوە وەکوو تۆڕێکی دەقبەستراو سەیر دەکرێت (Coherent networks)، بۆ توخمەکان/خاوەندارەکان، سیماکان و بەهاکانیان، گرێی جیاکەرەوەیان هەیە کە سەرچاوەی هەموو چێوەکە دەنوێنن. تاوتوێکردنی چێوە زمانەوانییەکان تەنیا چێوە تایبەتەکان (sortal frame) دەگرێتەوە.

سەبارەت بە “UV” بنەڕەتییە، تۆڕێک بەرهەم دێنێ (بە لایەنی کەم هەندێ) لە سیماکان پەیوەندیی ئەرکییان نییە. خاوەندارەکە بە سیماکانەوە دەبەستێتەوە لە پاڵ بەهاکانیان. بۆ نموونە بۆ دەستنیشانکردنی ڕەنگی “سەوز”، پەسنییە دابەزیوەکان بوار بە پەسنییە جێگرەوەکان دەدات. بۆ نموونە تەنیا ڕەنگ دەستنیشان ناکات، بەڵکوو گوایە ڕەنگێکی (گەرمە، جوانە، گونجاوە)، بەڵام ئەوە ڕێگە لەوە ناگرێ کە وا مەرج و کۆتبەندەکە ئەوە بسەپێنێ کە وا دەبێ ڕەنگێ هەڵبژێرێ وەکوو “بەهای سیماکە”، بەڵام جێگرەوەکانی پشتیوانییەکی فراوان دەدات بەدەستەوە، لەوانەیە بەهای ئاڵۆز دروست بکات.

ئێمە بگەڕێینەوە سەر پێناسەی چێوەکە لای “فیلمۆر”، ئەو ڕۆنانە مەعریفییە چەسپاوەکان پێناسە دەکات کە بە پێی جۆری هەڵوێستەکان لە زمانەکەدا جێبەجێ دەکرێن، ڕوونتر بڵێین لە هەڵوێستە ئاخاوتەییەکان، بۆ نموونە “دادگا” (Trial court) تەنیا پێک بهێنێ (component)، دادوەر (Judge) و داواکاری گشتی (DEFENDANT) و پارێزەر لەخۆ ناگرێ، بەڵکوو توانستی مەعریفی کارلێکردنی هەڵوێستەکان و پێگەکانیش دەگرێتەوە، لە پاڵ تایبەتمەندیی هەرکەیان لە کارلێکردنەکەدا (بڕوانە: Cienki 181 :2004). ڕۆنانی چێوەکە لە بنچینەدا بەوە وەسف

---

١. سەبارەت بە زاراوەی "sortal"، بریتییە لە تایبەتمەندییەکی وشە کە بەسەر وشە هەرە قەوارەکاندا جێبەجێ دەکرێت. بۆ نموونە وشەی (caw - مانگا)؛ "sortal"ە، کەچی وشەی (ill - نەخۆش) سۆرتەل نییە. زاراوەکە لە وشەی "sort" (جۆر) وەرگیراوە بە واتای پۆل، یان جۆر بەکار دێت. زاراوەی "sortal" جۆرێک لە زاراوەی سروشتی دەگرێتەوە (cow)، زاراوەی پیشەسازیی (دەستکرد) (car) ئۆتۆمبیل دەگرێتەوە، هەروەها زاراوەی نابەرجەستەیی وەکوو "-num ber" (ژمارە) دەگرێتەوە، توخمە فرەوشەییەکان ناگرێتەوە، بۆ نموونە "black and white cow" ناگرێتەوە (بڕوانە: Crystal 2003: 424 ).

دەکرێ کە بریتییە لە چاڵ (slot) (شانە/خانە، پێگە)یەک لە ڕۆنانی چێوە مەعریفییەکەدا و هەموو ئەو دەق و دیمەنانە (scenes, script) کە وەکوو کولتوور و ئەزموون مەرجی جیاواز بەسەر چێوە مەعریفییەکەدا دەسەپێنێ لە کاتی جێبەجێکردنیدا، بۆ نموونە لە بواری دادگادا یاسایەک هەیە بە ناوی "بەڵگە و ڕوونکردنەوە" لە سەر داواکار (سکاڵاکار، سوێندخواردن) لە سەر ئەوەی نکۆڵی دەکات. "یاسای سەلماندن، ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ لە مادەی (٧)"دا ئەو دەقەی سەرەوە هاتووە، لێرەدا دادوەر بۆی نییە بە زانیاریی خۆی حوکمەکە بدات، بەڵام لە هەندێ دیمەندا دەقی بەڵگەکان ئەو مادەیە لە کارکردن دەخەن، چونکە دەقی سوێندخواردنیش لە یاسای عێراقی بە هەندێ عورفی یاسایی کۆتبەند کراوە، بۆ نموونە ناکۆکییەک پەیوەندیی بە "پارەوە" هەبێ تەنیا تاکوو بڕی (٥٠) دیناری عێراقی پەیڕەو دەکرێ. کەواتە هەر چاڵ و خانەیەکی چێوە مەعریفییەکە ڕۆڵی دەبێ لە یەکلاییکردنەوەی ئەنجامەکاندا. لە هەڵوێستە تایبەتییەکانی ئاخاوتندا، چێوە لە میانەی یەکێ لەو سیناریۆیانە جێبەجێ دەکرێ کە ئەگەری بوونیان هەیە، شیکردنەوەی چێوەکان بنەمایەکی تیۆری بۆ مەعریفەیەکی ئایدیالی بە مۆدەل دەکات بە "ICM" کە کورتکراوەی "Idealized cognitive model" و لە لایەن "لاکۆفەوە" پێشنیاز کرا. لاکۆف پێنج جۆر لەو مۆدەلە دەخاتە ڕوو، واتە پێنج جۆر لە "ICM"، مۆدەلی ڕەوشی (propositional)، هێڵکاریی وێنەیی (image schematic)، مۆدەلی خواستن (metaphor)، مۆدەلی درکەیی (metonymic) و مۆدەلی هێمایی (symbolic). چەمکی مەودا (domain) لە ڕێزمانی مەعریفیدا لە لایەن "R-Langacker" خرایە ڕوو، تیۆرەکانی میتافۆر و درکەی مەعریفی لە لایەن "G lakoff, M. johnson" خرایە ڕوو (بڕوانە: Geeraerts, H. Cayckens 2007:172). لە ڕێزمانی مەعریفیدا چێوەکە بریتی دەبێ لە ڕۆنانی "سیمانتیکی - سینتاکسی"، کە یارمەتیدەرە لە ڕێکخستنەوەی یەکە زمانییەکاندا (بۆ نموونە چێوەی دۆخ). لە چێوەی سیمانتیکیدا چێوە بریتییە لە ڕۆنانی مەعریفی، لێکدانەوە زانیارییە درکاوەکان لە یەکە زمانییەکاندا پێناسەی دەکات، بە وێنەی زاراوەی هێڵکارییەکان، لە لایەکی ترەوە ئێمە دەبێ جیاوازییەک لە نێوان واتا و چەمکدا بکەین.

**١-٧. جیاوازیی نێوان چەمک و واتا**

بێگومان پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان چەمک و واتادا هەیە، بەڵام جۆری ئەو پەیوەندییە زۆر ڕوون نییە، وا گریمانە دەکرێ کە وا چەمکەکان نواندنی دەروونی کەرەستەکانن (Categories)، بۆ نموونە: (سێو، مێز)، لەو کاتەدا واتە بریتییە لە تێگەیشتنی کەسەکان بۆ وشەکان و دەربڕاوەکانی تر، بۆ نموونە: (سێو، مێزێکی گەورە). لە ئێستادا زۆربەی کۆزانیناسەکان، بە تایبەتی دەروونزانەکان، پێیان وایە کە وا چەمک و واتا زۆر بە کەمی هاوتا و هاوسەنگ دەوەستن، لەوەدا واتای دەربڕاوەکە دەبێ بە نواندنێکی چەمکی لە کۆزانینی مرۆڤ/کەسەکەدا، لە دەستنیشانکردنی ناوەرۆکی هەر چەمکێکدا دەبێ بەدوای واتای دەربڕاوەکە بکەوێت (بڕوانە: Malt 1991: 41). سەرەتا دەبێ گریمانەی ئەوە بکەین کە وا چەمک و واتا جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە، بەڵام بە گەلێ ڕێگەی جیاوازیشەوە پێکەوە گرێ دراون، ئەو پەیوەندییەی نێوانیان پەیوەندییەکی تەواوکەرانەیە نەک پەیوەندیی هاوتایی. بۆ گەیشتن بەو ئەنجامە دەبێ بگەڕێینەوە سەر گریمانەی پێوانەییەکان لە بارەی چەمک و واتا و ئەو بەربەستانەی دەکەونە سەر ڕێگەی ئەو گریمانانەوە. ئەو گریمانانەی ئەو لێکدانەوانە ڕێک دەخەن بریتین لە:

١. نواندنی دەربڕاوە گریمانەییەکانی چەمکەکان.

٢. چەمکەکانی نموونە بەراییەکان (prototypes)ی نموونەکانن، مەبەست لە نموونەی بەرایی جۆرە بنچینەییەکانن.

٣. چەمکەکان دابڕاوی سیاقەکانیانن و چێوەیەکی سەراپایی/گشتی/جیهانیی هەیە.

٤. واتای وشەکان بریتین لە چەمکەکان، ئێمە دەبێ لە بریی ئەوانە گفتوگۆ لە سەر هێما درکپێکراوەکان بکەین کە چەمکەکان دەنوێنن.

چەمکەکان نموونەیەکن لە جۆری تاکەکان لە نموونەیەکی جیهانیدا. لەوەدا چەمکەکان سیاقەکانیان دیاری کراوە، لە چێوەی هەڵوێستەکاندا پێگەیی و لۆکاڵییە. واتای وشەکان چەمک بەکار دێنن، بەڵام خۆیان چەمک نین. بۆ

دۆزینــەوەی ئــەو بابەتانــە و ســەلماندنیان پێویســتمان بــەوە هەیــە کــە لــە نــاو گیانــی زمانەوانــی مەعریفیــدا ســەیری ئــەو بابەتــە بکەیــن. ئــەو تیــۆرە نواندنــە درکپێکــراوە هەڵوێســتە مەعریفییــەکان بــەکار دێنــێ. ئێمــە دەبــێ لــە کۆتایــی لێکدانەوەکانمانــدا بڕیــار لــە ســەر ئــەوە بدەیــن ئایــا چەمــک و واتــا هاوتــان، یــان هەنــدێ پەیوەندیــی تــر کۆیــان دەکاتــەوە (بڕوانــە: Barsalou and Hale 1993: 2).

ســەرەتای گەشــەکردن و لێکدانەوەکانــی ئــەو تیــۆرە زیاتــر بریتــی بــوون لــە نواندنــی چەمــک و یادگــەکان، زۆربــەی داواکارییەکانــی ئــەو لێکدانەوانــە لــە لایــەن ئەزموونگەرییــەوە لــە ســەرەتاوە بــێ پشــتیوان بــوون، هــەر چەنــدە لایەنــی تیــۆری پێویســتی بــە وردەکارییەکــی بــاش هەیــە، بــەڵام زۆربــەی لایەنەکانــی پێویســتی بــە لایەنــی زەینــی و عەقڵییــەوە هەیــە. ســەرەتا دەبــێ ئێمــە لــەوەوە دەســت پــێ بکەیــن کــە وا سیســتمی مەعریفــی چــۆن لایەنــی چەمــک و واتــا بەهەنــد هەڵدەگــرێ، یــان چــۆن مامەڵەیــان لەگــەڵ دەکات، چــۆن داواکارییــە ئەزموونییــەکان جێبەجــێ دەکەیــن بــە پێــی؟ چ پلانێــک و چــۆن ئامانجەکانمــان دەپێکیــن لــە نواندنــە چەمکییەکانــدا؟

**١-٨. ڕێبازی پێشنیازگەرانە (The prepositional Approach)**

زۆربــەی تیــۆرەکان بــۆ ئــەوە دەچــن کــە وا لیســتی ســیماکان؛ چەمکــەکان دەنوێنــن. لیســتی ســیماکان وەســفە زمانییــەکان تایبەتمەندییــەکان لەخــۆ دەگــرێ، ئــەو تایبەتمەندییانــەی پەیوەســتن بــە ئەندامــی کەتیگۆرییــەکان. بــۆ نموونــە: (باڵــەکان، پــەڕەکان، دەنــووک، فڕیــن و دروســتکردنی هێلانــە) دەبــن بــە ســیماکانی باڵنــدە. لێکدانەوەیەکــی ســادەی ئــەو ســیمایانە بریتییــە لــە دەربڕینێکــی زمانــی لــە یادگەکــەدا، لەگــەڵ ئەوەشــدا پێویســتمان بــەوە هەیــە کــە وا ئــەو دەربڕینــە زمانییانــەی ســیماکان چ واتایــەک بونیــاد دەنێــن، بــە شــێوەیەکی ســادەتر پاڵنانــی کێشــەکە بــۆ ئاســتێکی خوارووتــر وەکــوو هەنگاوێکــی پێوانەیــی بــۆ خۆپاراســتن لــەو کێشــەیە. بریتــی دەبــێ لــە لێکدانــەوەی ســیماکان وەکــوو شــتێکی دابــڕاو لــە گریمانــە نموونەییــەکان، کــە لــە ڕێگــەی "زمانــی بیــر"ەوە دەنوێــنرێ وەکــوو لۆژیکــی گریمانەیــی یــان بیــرکاری (predicate calculus).

ئــەو زاراوەیــە (predicate calculus) وا پێناســە دەکــرێ کــە بەشــێکە لــە هێمالۆژییــەکان و مامەڵــە لەگــەڵ ڕەوشــەکان دەکات کــە تیایــدا نــاوی گــوزارە و ڕادەکان لەخــۆ دەگــرێ. لــە واقیعــدا لیســتی ســیماکان لــە یادگەکانــدا بریتــی نییــە لــە دەربڕاوێکــی زمانــی بــۆ ســیماکان، بەڵکــوو لیســتێکی وەســفکردنە لــە بریــی ئــەوە و شــێوەیەکە لــە شــێوەکانی نواندنــە چەمکییــەکان (بڕوانــە: Gentner 1989: 241). بــە واتــای ئــەوەی هەنــدێ فۆرمــن لــە شــێوەی نواندنــە چەمکییــەکان دەردەکــەون و تەنیــا لیســتێکی ســیماکان نیــن. بــە شــێوەیەکی بەرچــاو ئــەو نواندنانــەی پێشــنیاز کــراون بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان بریتــی دەبــن لــە هەنــدێ نموونــەی نابەرجەســتە و هەنــدێ هێــمای لەخــۆوە، هەڵگــری هیــچ بۆچوونێکــی ئیدراکــی نییــە ئامــاژە بــۆ ســەرچاوەکەی بــکات، بــۆ نموونــە لــە نواندنــی (ABOVE - ســەروو) (چــرا، مێــز)دا، لــە سیســتمی مەعریفیــدا هەنــدێ هێما/ئامــاژە لەخــۆ دەگــرێ، کــە هەڵگــری هیــچ لێکچوونێکــی مەعریفیــی درکپێکــراو نییــە کــە نموونەیەکــی ماددیــی پێشــینە بــێ بــۆ ســەروو (مێــز، چــرا) بــێ، وەکــوو دواتــر ڕوون دەبێتــەوە کــە وا پوختەکــە، نموونەکــە و ســیفەتی لەخــۆوە لــە ڕێبــازی "گریمانەکردن/پێشــنیازکردن"دا، بــەرەو کێشــەیەکی دەرکەوتــووی گەورەمــان دەبــات. لــە پــاڵ لیســتی ســیماکان، هەنــدێ شــێوەی تــری گریمانەکردنــی هەیــە کــە لــە نواندنەکانــدا بــەکار دێــت (بــە شــێوەیەکی فــراوان) بــۆ نواندنــی چەمکــەکان، لــە نێویانــدا هێڵکاریــی چێــوەکان (Schemata Frames)، هێڵکارییــەکان (دەســتنووس دەقــەکان)، نموونــە عەقڵییەکانــن (هەمــان ســەرچاوە، 240).کارەکانــی ئــەو دواییــەی تیۆرناســەکان ئامــاژە بــە بوونــی هەنــدێ نواندنــی بــەرزە ڕێکخــراو دەکــەن، واتــە نواندنــەکان بــە ڕۆنانێکــی بــەرزەوە لــە نواندنــی چەمکەکانــدا. بــە شــێوەیەکی گشــتی ئــەو نواندنانــە پوختــە، نموونــە و ســیمای لەخــۆوە بــوون دروســت دەکــەن کــە ڕەگەکــەی لــە چێــوەی زاراوەی گــوزارە و ڕادەکان جێگیــر بــووە، بــە واتــای ئــەوەی لــە چێــوەی زمانــی بیرکردنــەوەدا ســیماکان وەردەگــرن.

بــەم دواییــە نموونەکانــی پەیوەندیکــردن باشــترین ڕێگــەی بــۆ نواندنــی چەمکــەکان خســتە ڕوو، بــەڵام تــۆڕی پەیوەندییــەکان لــە بنچینــەدا شــێوەیەکی ئامــاری لیســتی ســیماکانە (بڕوانــە: Barsalo 1992 b: 70).

**١-٩. لایەنە چاکەکانی ڕێبازی پێشنازکراوەکان (Advantage of proposition Approach)**

لێرەدا دەبێ بە پرسیارێک دەست پێ بکەین، بۆچی زانا مەعریفییەکان ڕێبازی پێشنیازکراوەکان بە سوودبەخش دادەنێن؟

١. نواندنە گریمانەییەکان ڕێگەیەک/ڕێبازێک بەردەست دەخات کە کرۆکی زمانە. فەیلەسووفەکان پێشەنگ بوون لەوەی ئاماژە بەوە بکەن کە وا دارشتنەوەی گرێ زمانییەکان/پارافرەیزی زمانی، پێویستی بە جۆرێک لە قووڵبوونەوە هەیە، کە ئەویش بەشێکە لە نواندنی چەمکی. لە ڕێگەی تەواوکەرانە و هەژمارکردندا، سایکۆلۆجستییەکان بەو دواییە هەستیان بەوە کرد کە وا خەڵکی یادگەیەکی هەژاری هەیە لە وەرگرتنی فۆڕمە پیتییەکان و فۆڕمە ڕووکەشەکاندا لە وەرگرتنی هەر دەربڕینێکدا، بۆ نموونە بە پێی بۆچوونەکانی "Anderson, 1974 و Bower"، لە ماوەی (٢٠ چرکەدا) کە گوێ لە دەربڕاوێک دەگرن یان دەیخوێننەوە، خەڵکی ناتوانن بەبیری بێتەوە، نە فۆرمی دەربڕاوەکە، نە کرۆکی وتراوەکە. بۆ نواندنی ئەو کرۆکەی کە خەڵکی بەبیری دێتەوە، دەروونزانەکان و زاناکان و زانایانی مەعریفی و بە تایبەتی توێژەرەکانیان، هەوڵیان دا گەشە بە زمانە جۆری جیاوازی گریمانەییەکان بدەن لە ژێر ڕۆشنایی نموونەی "C و R"، بەوەش بۆ نموونە: (دەقەکان، چێوەکان، دەستنووسەکان، هێڵکارییەکان و نموونە عەقڵییەکان).

٢. سایکۆلۆجستە مەعریفییەکان وای دەبینن ڕێبازی نواندنە گریمانەییەکان گرنگە، چونکە ئەو زمانانە سیفەتی بەرهەمهێنی وەردەگرن، سیفەتی بەرهەمهێنی لە زمان و لە بیر لەخۆ دەگرن، لە ڕێگەی بەهانە پەیوەستەکان و دووبارەبووەکان، بەهانەکان (argument) پلانسازی بۆ بەستنەوەی ئەرگومێنتی گوزارەکان بۆ تایبەتکردن و نیشانەکردنی سیماکان بە بەهاکانی، پڕکردنەوەی چاڵەکان بە ڕۆنانەکان بە پێی پچڕاوێکی هێڵکاری نواندنی تایبەتی، بۆ نموونە لەوەی پێشتر. "ABOVE" (x, y) دوو نێوەندی دەبێ، واتە دوو ئەرگومێنت، یەکێکیان بۆ هەرێمی سەرەوە (X)، یەکیان بۆ هەرێمی خوارەوە (y)، کە بە ژمارەیەکی جۆراوجۆری کەسانەوە بە پێی هەڵوێستەکان. وەکوو لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، (چرا، مێز)، سەروو (باڵندە، درەخت)، ئا بەو جۆرە بەرهەمی دووبارەبوونەوەی بەهانەکان (کەرەستەکان) کە پابەندی گوزارەکانن، ڕۆنانی قووڵی بێسنوور بونیاد دەنێن، بۆ نموونە دەکرێ بۆ هەرێمی سەرەوەی ABOVE (x, y)، دەکرێ نموونەیەک بە وێنەی هەرێمی سەرەوە بونیاد بنرێ بە هۆی بەکارهێنانی ناوەوەی (M, N) هەروەک ئەوەی سەرەوە (ناوەوە (چرا، سندووق، مێز)) (بڕوانە: Anderson & Bower 1973: 11).

**ئەنجامەکان**

ئەم توێژینەوەیە ئەو ئەنجامانەی لای خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:

١. بە پێی بۆچوونی زانا مەعریفییەکان دەکرێ چێوەیەکی گشتی بۆ مەعریفەی مرۆڤایەتی بونیاد بنرێ، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەو چێوەیە دەبێ تەنیا لە بەهاکان بونیاد بنرێ بەبێ سیماکان، چونکە سیماکان بە پێی کولتووری نەتەوەکان جیاوازیی تێ دەکەوێت.

٢. زمان بە تایبەتی (بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی) بۆ جیاکردنەوەی بەهاکان لە سیماکان، بەهاکان بە پیتی گەورە (CAPITAL) دەنووسێ و سیماکان بە پیتی بچووک، ئێمە پێمان باشە بۆ کوردی و کولتوور و زمانەکەی، بەهاکان لە بریی ئەوەی بخرێتە ناو بازنەیەکی هێلکەیی، بخرێتە شێوەیەکی ئەندازەیی تری جیاواز وەکوو: (چوارگۆشە ، لاکێشە یان هەر شێوەیەکی ئەندازەیی ترەوە).

٣. سیماکان، ئەوانەی وابەستەی بەهاکانن، دەکرێ وەکوو سیمای بنجی و بنەڕەتی سەیر بکرێن، ئەوانەی لە بەهاکان دوور دەکەونەوە بە "لقەسیما" ناو ببرێن، لەوانەشەوە جیاوازیی کولتووریی نەتەوەکان دەردەکەون.

٤. بۆ نواندنی سیما و بەهاکان دوو بۆچوون هەڵکەوتوون، هەندێ لە زاناکان تەنیا بە لیستی سیماکان قەتیس و گۆشەبەندی دەکەن، هەندێکی تریان بە چێوەی بەهاکان، زانا مەعریفییەکانی ئەو دواییە هەردووکیان تێکەڵ دەکەن، بەهاکان دەکەونە لای چەپی هێڵکارییەکان و سیماکان لای ڕاست (بە نووسینی ئینگلیزی)، بۆ زمانی کوردی پێچەوانەکەی ڕاستە.

سەرچاوەکان:

به زمانی ئینگلیزی


- Anderson, J. R. & Bower, G. H. (1973). Human associative memory, Washington DC: Winston.
- Baaltker, M. (1995). The Mirror Principle and Morphosyntactic Explanation. Linguistic. Inquiry, .415–16,373
- Barsalou, L. W. (1992b). Frames concepts, and conceptual Fields, Hillsdale, N3: Erlbaum
- Barsalou, L. W. & Hale. (1993). components of conceptual representation, from Feature list to recursive Frame, Academic press San Diego.
- Cienki, A. (2007). Frames, idealised Cognitive models and domains. Oxford University press.
- Crystal, D (5 .(2003th ed. A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Blackwell publishing
- Fillmore, Charles. (1982). Towards a descriptive framework for spatial deixis,
- Geerearts, D (2007). Cognitive sociolinguistics and the sociology of Cognitive Linguistics, New York: Mouton de Gruyter.
- Gentner, D. (1989). The mechanisms of analogical reasoning. Cambridge University press.
- Janssen, T. V. (1997). Handbook of Logic and Language. Amsterdam & Cambridge.
- John Wiley & Sons, Ltd.
- Lakoff, G. Women, (1987). Fire and dangerous things, University of Chicago press.
- Löbner, S (2012). Functional Concepts and Frames, Cambridge MIT press.
- Löbner, S. 2011, Concept Types and Determination Journal of Semantics, 279 :28
- Malt, B. C. (1989). Word meaning and word use, Chicago University press.
- Mc Clelland, J. L. Rumelhart, D. E (1986). Parallel distributed processing, Cambridge MIT, press.
- Misky, M.L. (1985). The Society of mind, New York: Simon & Schuster.
- Petersen, W. (2007). Decomposing concept with Frames, University of Latvia press.

**الملخص**

يـأتي عنـوان هـذه الدراسـة تحـت مسـمى (مفهـوم المحيـط في التكويـن المعـرفي للإنسـان) حيـث تعـد مـن جانـب محاولـة جـادة لتحديـد القوالـب الفكريـة التـي يفرضهـا الأفـراد علـى بيئـة المعلومـات لإعطـاء الشـكل والمعنـى، ومـن جانـب آخـر تصبـح المعرفـة بحـد ذاتهـا أرضيـة صخبـة يتـم عليهـا تكويـن لغـة الحـوار.

وتطرقـت إلى الاهتـمام بالـدور الـذي يلعبـه تطـور اللغـة في العمليـة المعرفيـة واحيـاءه في غضـون عشرسـنوات الماضيـة. وقـد تـم تقسـيم الدراسـة هـذه الى تسـعة محـاور رئيسـة مـع وجـود محـاور أو موضوعـات فرعيـة فيهـا.

الكلمات الدالة: الأشكال النوعية، المصادر المباشرة، المفهوم الكيانى، المحيط

## Abstract

This research entitled (The structure of human cognitive). It is an attempt to define mental template that individuals impose on an information environment, to give it Form and meaning. In other hand we can say that human cognitive is the bed rock on which human language is built. However, within the last 10 years, interest in the role the development of language in turn plays on cognitive processes has been revived. This research is divided on to nine sub chapters or mean subjects as folders. The first one is the second about the Frame of cognitive, the third mean subject posed and analysing the structure of human cognitive. the fourth subject is about Frame structure, the five-sub chapter about how to define a category by another categories. The sixth subjects imposed the Uniqueness condition. The differences between the concept and meaning are our seventh attempt. The eighth sub chapter is about the prepositional Approach, the ninth subject is about the advantage of proposition approach the results and references and the end of the research.

Key-Words: Stereo typed, Direct reference, Functional Concepts, Hypotheses Frames.